# قەرزی کەللەسەر !

**هێمن عەبدوڵڵا/ هۆڵەند**

دایکم کە لێم توورەدەبوو ، پێیدەگوتم : سەر گەورە ! . ئەو جوێنە، هەم توورەیی وی دادەمرکاندەوە و هەم منیشی دڵشکاو نەدەکرد ، چونکە لەمێژبوو دەمزانی : ( سەری گەورە دەوڵەتە ) ! .
بۆیەش کە دەگەڵ خوشک و برایان کەتنێکمان دەکرد و شاڵاوی دەستە کوتەککارەکانمان بۆ دەهاتن ، پێش هەموو شوێنێک دەستمان بە کەللەسەرمانەوە دەگرت و ( دەوڵەت ! ) ەکانمان لە زللەی بێڕەحمانەی گەوران دەپاراست .

*                    *                    *

زۆر چکۆلەبووم کە حەزمدەکرد بچمە ( خاریج ! ) ، چونکە لە فیلمە کارتۆنییەکاندا، دەمدیت کە منداڵە خاریجییەکان،قەت زللەی باوانیان وەکەللەسەر ناکەوێ و بە یەک دوو مستەکۆڵەی سەر سمت وازیان لێدەهێنرێ .
زۆریش گەورە بووم کە حەزمدەکرد بچمە ( خاریج ! ) ، چونکە لە کتێبی ( مێژووی فەلسەفە ) ی ( ویل دورانت ) دا خوێندبوومەوە ، کە ئەوکاتەی فەرمانڕەوای فەرەنسا ، بڕیاردەدات ڤۆڵتێری بلیمەت ، بە هۆی هەڵوێستە ئازاکانییەوە تەمبێ بکات ! ، دەبێژێت : بیبەن کوتەککاریی بکەن ، لێ ئاگاداربن ئازار بە کەللە سەری نەگەیەنن ، چونکێ لەوێدا ئاقڵێکی مەزن هەیە .

*                    *                    *

بلاگنووسێکی کورد ، لە نووسینێکیدا, داوای قەرزی کەللەسەری سێ کەسایەتیی سیاسی و فەرهەنگیی کردووە ، تا لەدیواریان بدات ! .
کەسایەتییە فەرهەنگییەکە ، نۆستەرادامووسانە , پێشبینیی سەدلەسەدی دەرچوونی ( مەلا رەفسەنجانی ) ی کردبوو ، بۆ پۆستی سەرکۆماریی ئێران ، بلاگنووسەکەشمان ، داوایلێکردووە کە بەهۆی پێشبینییە سەدلەسەد هەڵەکەیەوە ، سەری بە قەرز بداتێ تا لە دیواری بدات ! .
دوو کەسایەتییە سیاسییەکەش ، هێندەیان داخوویانی و هەڵوێستی نادروست هەبوون ، کە بە حورمەتەوە تەنێ لێیی پرسیون : ئەرێ سەرتانم بە قەرز دەدەنێ ، تا لە دیواری بدەم ؟! .

نووسینەکەی ( کانی ) ی بلاگنووس وەخەندەی خستم ، بۆیەش گوتم : هەرچەندە شێوازی داواکردنەکەی کۆمیدیانەیە ، بەڵام لە ناوەڕۆکیدا، پێشنیارێکی ئاقڵانەیە! .

*　　　　*　　　　*

چوارساڵ پێش ئێستا ، بە تاوانی نووسینی چیرۆکێک و پشکداریکردن لە دەرچواندانی کۆڤارێکی روناکبیری ، سەریان لە دیواردام . لەوێرۆژێدا ، برایەکی موسوڵمان پێیگوتم : ئینشاڵلا ، تابوتت لۆ سازدەکەین و سیاسییەکیش فەرمووی : بێئەخلاقی قبوڵ مەکەن و سەری لە دیواربدەن ! ، ئەزیش کە خورتێکی هەژدەساڵانە بووم ، بە خۆممگوت : تا لەسەر بێئەخلاقییەکی دیکە ، سەرت لە دیوارنەدراوەتەوە ، برۆ بۆ وڵاتی گاوران ، لەوێ ئەگەر لە چیرۆکەکانیشت تێنەگەن ، کەس پێتناڵێ : هەی کافری ناموسوڵمان ! .

*　　　　*　　　　*

لەبەر ئەوەی خۆم سەرم لە دیواردراوە ، حەزناکەم کەس سەری لە  دیواربدرێ ، بەڵام ئەگەر رۆژێک بێ و پێشنیارەکەی ( کانی ) وەدیبێ ،ئەوە هەموو رۆژێ ، سەری سیاسی و دەسەڵاتدارەکانمان ، دەبێ لە دیوار بدرێ  ! .
سیاسییەکانی مە  هێندە هەڵەیان زۆرن، کە ئەگەر لە ماوەی بیست و چوار کاژێردا ، کە دەکاتە هەزار و چوارسەد و چل دەقیقە ، سەریان بە قەرزبدەنە هەزار و چوارسەد و چل هەڤوەڵاتیی داواکار ، ئەوە هێشتاش خەڵکێکی زۆر لە چاوەڕوانیدا دەمێننەوە و لە نیعمەتی سەرلەدیواردانی وان بێبەشدەبن ! .

www.hemnabdulla.blogspot.com